جولەکە ونەسڕانیەکان مووەکانیان بۆیە ناکەن، بۆیە پێچەوانەی ئەوان بکەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جولەکە ونەسڕانیەکان مووەکانیان بۆیە ناکەن (مووی سپی وخۆڵەمێشی قژ وڕیش)، بۆیە پێچەوانەی ئەوان بکەن (ڕەنگی سپی بگۆڕن)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە جولەکە ونەسڕانیەکان مووی سەر وڕیشیان بۆیە ناکەن، بەڵکو وەکو خۆی بە سپێتی دەیهێڵێنەوە، وبۆیە فەرمانیکرد بە گۆڕینی ڕەنگی سپی وخۆڵەمێشی سەر وڕیش، وبۆیە کردنیان بە ڕەنگێکی تر جگە لە ڕەنگی ڕەش چونکە لە فەرموودەی تردا نەهی کراوە لە بۆیە کردن بە ڕەنگی ڕەش.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8908